

# «لە حەشارگەی شێردا»

## نوێترین فیلمی کوردی لەسەر بارودۆخی عێراق...



ناوی فیلم: لە حەشارگەی شێردا
سیناریۆ: فکری بە رۆژ —هیسوس هولدان
دەرهێنان: فکری بە رۆژ
ماوەی فیلم: ١١٠ دەقیقە
سیتم: هایدی فیشن
مۆنتاژی سکریپت: کارزان شێرە بەیانی
وێنە: ماری ئۆرتێز — کورت بران — هاوکار فەرهاد
دەنگ: رابرت نێس — هیسوس هولدان
بەڕێوەبەری بەرهەم: سەردار بەکر
بەرهەمی وەزارەتی رۆشنبیری

**هەوار شەریف**

فیلمی «لە حەشارگەی شێردا» نوێترین فیلمە لەسەر بارودۆخی عێراقو بەتایبەت شاری موسل، بەرهەمی وەزارەتی رۆشنبیریو دەرهێنانی دەرهێنەری کورد فکری بەرۆژە. قۆناغی وێنەگرتن کۆتایی هاتووە لە قۆناغەکانی مۆنتاژو ئامادەکارییەکانی کۆتایدان، بڕیارە ئەو قۆناغانەی دواتریش لە هالیود ئەنجامبدرێن.
هونەرمەند فکری بەرۆژ ماوەی ١٠ ساڵە کاری سینەما دەکات، تاکو ساڵی ٢٠٠٦ چەند فیلمێکی دیکۆمێنتاری دەرهێناوەو چەند کورتە فیلمێکیشی ئەنجامداوە.

**× بیرۆکەی فیلمەکەت دەربارەی چییە؟**

- بیرۆکەکە باس لە رووخانی رژێم دەکات، چیرۆکەکە لەنێو شاری موسڵدایە، کارەکتەرەکان دوو گەنجن یەکێکیان رۆڵی گەنجێکی عەرەبی دەبینێ ٥٠ لەسەد عەرەبیو ٥٠ لە سەدی کوردییە. چیرۆکێکە شتێکی راستەقینەیە دوو چیرۆکی جیاواز هەیە لە ناوەندو کۆتایدا یەکدەگرنەوە، کە پێموایە ستایلێکی نوێیە.

**× گرنگترین کێشە لەم فیلمەدا رووبەرووتان بووبێتەوە چییە؟**

- من گەورەترین کێشە دەگەڕێنمەوە بۆ سیستم کە کولتووری سینەمایی نییە. گەر چەند نموونەیەک لەسەر فیلمەکەم بهێنمەوە، بڕیار بوو فیلمەکە پێش ٢٠٠٧ کۆتایی بێتو بگاتە بازار، واتە دوو مانگ زیاتر لە رۆتینیاتدابوو. فەلەکەدین کاکەیی هەستی جوانە بۆ سینەماو کە دێتە دەرەوە لە بازنەی ئەو کەسانی دی هەن ئەو راوبیرۆکەیەیان نییە، پێویستە هەموو بەرپرسیاربن لە کێشەکان تەنانەت لە بچووکترین کەس لە وەزارەتو لە دەریشەوە، بەراستی هونەری سینەما زۆر گرنگە، دەبێت هەموان پێکەوە بەرپرسیاربین، دەبێت هەستی هونەری لەو دامودەزگایانە زۆر بەهێز بێت، وابێت خۆیان هاوکاریو پشتگیریی کاری گەنجەکان بکەنو نەیانگەیەننە بێهودەیی، سینەما زۆر گرنگە چونکە خەڵکێکی زۆر بینەری دەبێت لەبەرئەوە دەبێت ئاگاداری ئەو خاڵانە بین.

**× دەربارەی ستافەکەت، ستافی کارکردنت کە لە هالیودەوە هاتوون چۆن بووە؟**

- بەراستی ستافەکە لە ئەمریکاو هۆلیودەوە هاتوون، کە ٥ کەسی زۆر شارەزای بواری وێنەگرتنو دەنگیین، لە هەموویان گرنگتر هاوکار فەرهادە کە گەنجێکی کوردی بەتوانایە وەک هونەری کاری کردووە. هەروەها نواندنیش بەشێکی زۆری کوردەو ویستومە سوود لە ئەکتەری خۆمان وەربگرم، چەند گەنجێک کە ئەکتەری ئەماتورن ٥٠٪ بازرگانیو ٥٠٪ هونەرییەو ئەکتەرن لە شارەکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆک وەک نواندن بەشداریان کردووە.
هەروەها سیستمی فیلمەکە HD هایدی فیشن سیستمێکی نوێیە کە دەرهێنەری زۆر ناسراو لە نموونەی پیتر جاکسونو روبرت رودلیگس کاریان کردووە. حەزم کرد یەکەمین کار لە کوردستاندا بە HD بێت بۆ ئەوەی سەربەخۆ کاربکەمو پێویستم بە هیچ دراوسێیەک نەبێت، زۆرجار سەب تایتڵ لە وڵاتانی دراوسێ ژێرنووس دەگۆڕێت، سیاسەتی فیلم دەگۆڕێت زۆر گرتەی لێ لادەبرێت بۆ ئەوەی باس لە سیاسەتی کورد نەکات. من ستافی دەرەوەم هێنا بۆ کاری تەکنیک، چونکە لە سینەمادا رەنگو کوالیتی رەنگ بۆ فرۆشتنی فیلم زۆر گرنگن، بۆ وێنە فیلمێک گەر چیرۆکەکەشی زۆر بەهێز نەبێت لە ئەمریکادا بەس کوالیتی باش بێت دەتوانرێت بازاری هەبێتو دەتوانرێت بڵاوبکرێتەوە.



**× چوونەدەرەوەی فیلمەکەت بە چ شێوەیەک دەبێت؟**

- ئەم فیلمە باسی رووداوێکی زۆر بەهێز دەکات، بەڵام لە چیرۆکێکی زۆر سادەدا، بیرۆکەی ئەم چیرۆکە زۆر تایبەتە بۆ دەرەوەی وڵات هەروا بۆ ناوەوەی وڵاتیش زۆر بەهێزە، بەڵام چەند بەشێکی تێدایە بە هێزو سوپای خۆمان، ئەوە زۆر گرنگە لەنێو فیلمدا بەرجەستەی بکەیت، بۆ کورد، بۆ وڵاتی خۆمان، گەر پارچە ئاڵایەکیش بێت لە شوێنێکی دیاربێت ئەمە بۆ من جێی شانازییە کە لە فیلمەکەم بەرجەستەی بکەم. ئەم خاڵە نە تەئسیر دەکات لەوەی سوود وەربگرم لە گروپێک کە بەراستی یارمەتیم بدەن، گروپی بیانیو ئەمریکیو ئەوروپی گروپێکن کە تەنانەت ئەمریکییەکان زۆر بەهێزنو خۆیان تەرخاندەکەن بۆ ئیش.

**× لە فێستیڤاڵدا چۆن ئامادەیتان دەبێت؟**

- بڵاوکەرەوەیەکی فیلم هەیە لە ئەمریکاداو چەند قسەیەکمان لەگەڵدا کردووە، چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵدا سازداوە، ئەمە هەنگاوێکی باشە، گەر فیلمی کوردی بێتو وەربگیرێت لە وڵاتانی دەرەوە وەک بڵاوکردنەوە، ئیتر دلخۆش دەبمو دەتوانم بۆ کاری ئایندە بیر لە پرۆژەی دی بکەمەوە، ئەوان خۆیان پەخشو بڵاویدەکەنەوە، ئەو لایەنە زۆر گرنگە...

**× تۆ هەمیشە لەگەڵ ئەوەدایت کە دەبێت سینەما بازاری هەبێت، ئەستێرەی سینەمایی هەبێت، لەم فیلمەتدا تا چەند ئەو هەنگاوەت ناوە؟**

- بازاری فیلم دەگەڕێتەوە سەر مادە، کاتێک دەڵێین بازاری فیلم بیر لە مادە دەکەینەوە، من تا ئەو ئیشەم کرد، زۆر کەس چاوەڕێی پارەی دەکرد بیاندرێتێ، تەنانەت ئەگەر بچووکترین یارمەتیشیان دابێت بۆ ئەو کارە، خەڵکی ئێمە فێربووە کە تەنها بیر لە پارە دەکاتەوە، دەبێت تۆ بیر لەوە بکەیتەوە فیلمەکانیش بخەیتە ناو بازار، تۆ گەر بینەرت نەیەت پارە بدات بە بلیتی فیلمەکەو ئەم فیلمە بەرهەمی خۆی دەرنەکات، لە کوردستان هۆڵی نمایشی فیلم نەبێت ئەوە سینەماش نابێت. من زۆرجار دەچمە سەر ئەو باسەی سینەمای کوردی هەیە یان نا؟ من دەڵێم نییە.

**× رات بەرامبەر فیلمەکانی کورد لە دەرەوە چۆنە؟**

- لە ئەمریکاوە زۆر بە کەمی دەزانن گەلێک هەیە، ناوی کوردەو بەرهەمی سینەمایی کوردی چییە، بە هەبوونی یەک دوو فیلم کە دەچێت بۆ دەرەوەی وڵات، ئەوانە بەشداریی چەند فێستیڤاڵێک دەبن ناچنە سەر سیستمی بڵاوکردنەوەی فیلم لەسەر ئاستی جیهان. سیستمی بڵاوکردنەوەی فیلم لەسەر ئاستی جیهان ئەوەیە کە DVD کۆپی بکرێت لە مالیزیا. من دەستخۆشی لەوانە دەکەم کە فیلمیان بەرهەمهێناوە. ئەم بەرهەمانەی کە دەچنە دەرەوەی وڵاتو بەشداردەبن لە پروپاگەندەی رۆژنامەی خۆمان، سستمی فیلم ئەوەیە بڵاوکراوەیەکی بەهێزت هەیە لەسەر ئاستی ئەمریکاو ئاسیادا، تۆ پروپاگەندەی خۆت لە TV جیهانی سینی ئەوەیە یەک دوو نرخو قیمەتی فیلمەکە لەسەر هێڵی ئینتەرنێت وە TV ببینی کە فیلمەکە چۆن بازاری دەبێت، ئەمانە زۆر گرنگن ئەوانەی لە رێگەی نایاسایش جێبەجێ دەکرێن دەبێت پێت خۆش بێت.

**× تایبەتمەندی فیلمی کوردی لەچیدا دەبینی؟**

- دەبێت سەرەتا فیلمی کوردی بۆ بینەری کوردی بکەیت، بەڵام گەر رۆژێک فیلمێکی تەواو بیانی بکەیت، یەکەم ئامانجمان بوونی متمانەمانە لە جیهان کە ئێمە دەتوانین فیلم بکەین.

**× ئەی سەبارەت بەم فیلمەی خۆت؟**

- بۆ ئەم فیلمە بە پراکتیکی کارمان کردووەو زانیویشمانە چییە، ئەمە باشترین خاڵە کە وام لێدەکات سبەینێو دوو سبەی ئەگەر داوای میزانی بکەم لە دەرەوەی وڵات بزانن کە فیکری یان هەر کەسێکی دی دەتوانێ فیلم لە عێراقو لە کوردستان بەدەستبهێنێتو مەسرەفی لە دەرەوەی وڵات بدۆزیتەوە. بۆ فیلمی داهاتوو کە سکرێپتەکەی خوێندراوەتەوە پێیان جوانەو داوای میزانییەکی زۆر خەیالی دەکەین، ئەمە دەبێت ئیشێکی جوانت هەبێت هەتا ئەوان متمانەت پێ بکەن کە فیلم بەرهەمبهێنێت.
فیلم لە دەرەوەی وڵات بۆ سینەما زۆر قورسە، چونکە ئەوان فیلمی بەهێزیان هەیە بۆیە سیستەمیان قورسە، ئێمە هیچمان نییە.
فیلمەکەی من لەسەر وەزعی عێراقە، شەپۆلی بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە لە دنیادا زۆرە. من بیرم لە هەڵبژاردنی ئەمریکا، بیرم لە هەڵبژاردنەکانی خۆمان، لە مادەی ١٤٠ کردۆتەوە. بیرم لە سیاسەتی گشتیی جیهان بەرامبەر عێراق و سیاسەتی ئەوروپاش بەرامبەر ئەمریکا کردۆتەوە. ئەمانە گشتی لە فیلمەکەدا رەنگی داوەتەوە زۆر گرنگە سیاسیانە بچینە ناو ئەم فیلمەو چاومان لەوە بێت عێراق بەرەو کوێ دەروات؟ ژیان لەناو عێراق بەگشتی کە کوردستانیش پارچەیەکە لە عێراقی فیدراڵ، چۆنە؟ بە نموونە؛ شارێکی وەک موسڵ وەک شارێکی دوو پارچە کە پارچەیەکی هی کوردو مەسیحییەو پارچەیەکی دی مەسیحیی تێدایە ئەوانە زۆر گرنگن کە باسیان بکەین، موسل شارێکی پر لە دیبانەتە، ئەمانە خاڵی دیارن بۆ جیهان.